

# توانای خوێندنەوەی میدیایی خۆت تاقی بکەرەوە

ئایا ئەم وتانە ڕاستن یان ناڕاستن

MEDIAKASVATUS-SEURA

Punainen Risti

وو تە:
# لە میدیادا هەمیشە ڕاستیەکان باس دەکرێن.

## ڕاست نیە

هەموو ئەو شتانەی کە لە میدیادا باس دەکرێن هەموو کاتێك ڕاست نین. لە میدیادا دەکرێت بەشێك لە پەیامەکان ڕاست بن و بەشێکیان زانیاریی ناڕاست بن. هەندێك جار لەوانەیە ڕا و بۆچوونی کەسێك یان ئەزموونی کەسێك وەکو ڕاستییەك کە پشکنینی بۆ کرابێت بخرێتە بەرچاو. ئەگەر میدیا ڕاپۆرت لەسەر ڕێنماییەکانی لایەنە فەرمیەکان بڵاوبکاتەوە، بۆ نموونە لەبارەی ئەو ڕێنماییانەی کە پەیوەندییان بە تەندروستیەوە هەیە، باشتر وایە کە زۆر بە وردی بزانیت بابەتەکە لە چی سەرچاوەیەکەوە وەرگیراوە.
هەواڵی باوەڕپێکراو بەندە لەسەر ڕاستیەکان و ئەو زانیارییانەی کە پشکنینیان بۆ کراوە و لەو کەناڵانەوە یان لەو لایەنە فەرمییانەوە وەرگیرابێت کە باوەڕپێکراون.

ئەو سەرچاوانە چین کە هەواڵیان لێ دەخوێنیتەوە و زانیارییان لێ وەردەگریت؟

ووتە:
## لە ناوەڕۆکە میدیاییە باوەڕپێکراوەکاندا هەمیشە ناوی ئامادەکار و سەرچاوەکان دەبینرێن.

## ڕاستە

ناوەڕۆکی میدیای باوەڕپێکراو بە ڕاشکاوی باسی ئامادەکاری بابەتەکە و سەرچاوەکانی دەکات. بەشێوەیەکی گشتی دەبێت هەموو کەسێك بتوانێت سەرچاوەکان بدۆزێتەوە، بۆ نموونە بە ڕێگای بەرنامەکانی گەڕان و دۆزینەوە. لە فینلەندا زۆرترین بەشی بڵاوکراوەکان پابەندی ڕێنماییە ڕۆژنامەگەرییەکانن کە بەهۆی ئەو ڕێنماییانەوە لە ناوەڕۆکی میدیاییدا ناوی ئامادەکار و سەرچاوەکانیش دەبینرێن. هەروەها دەتوانیت بەراوردی ئەوەش بکەیەت کە ئایا لە میدیا باوەڕپێکراوەکانی تریشدا لەسەر هەمان بابەت هەواڵ بڵاوکراوەتەوە یان نا.

دوایین جار کەی بوو کە گومانت لە ڕەسەنایەتی ناوەڕۆکێکی میدیایی کرد؟

وووتە:

# ناسینەوەی ناوەڕۆکی میدیاکانی لایەنەکان ئاسانن.

## ڕاست نیە

بە ڕێگای ناوەڕۆکە میدیاییەکان دەتوانرێت بە مەبەستەوە کاریگەرییەکی وا دروست بکرێت کە بۆ نموونە، لەو قسە و باسانەدا کە پەیوەندییان بە تەندروستیەوە هەیە یان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا تەنها هەندێك جۆرە بیرو ڕا و بیرۆکەی تایبەت زەق بکرێنەوە.  هەندێك جار هەوڵ دەدرێت کەسێك یان لایەنێك ناوزڕاو بکرێت و زیانی پێ بگەیەنرێت. هەواڵ بڵاوکردنەوە زۆر جار پشت بە جووڵاندنی هەستەکان دەبەستێت، بەڵام فەرمانڕەواکان هەوڵ دەدەن قسە و باسی بێ لایەنانە بڵاو بکەنەوە.  لە بڵاوکراوە میدیاییەکاندا دەبێت باسی ئەوەش بکرێت کە ئەگەر بابەتەکە بریتی بێت لە بیر و بۆچوون، ڕێکلام یان هاوکاریی بازرگانی.

ئایا ڕێکلام و بیر و ڕا و هەواڵ لەیەکتر جیا دەکەیتەوە؟
ئایا تێبینیی ئەوە دەکەیت کە بە ناوەڕۆکی میدیایی هەوڵ دەدرێت کاریگەری لە بیر و ڕای تۆ بکرێت؟

وتە:

دەکرێت هەڵوێست و بیر و ڕا و دید و بیرکردنەوەت بۆ ژیان کاریگەرییان بۆ سەر ئەوە هەبێت کە چۆن بیر لە هەواڵێك دەکەیتەوە.

## ڕاستە

هەڵوێست و بیر و ڕا و دید و بیرکردنەوەی خەڵکی بۆ ژیان کاریگەرییەکی گەورەی بۆ سەر ئەوە هەیە کە خەڵکی چۆن پەیامەکان وەردەگرن و چۆن تاوتوێیان دەکەن و لێیان تێ دەگەن. لەبەر ئەوە گرینگە کە سەرنج بدرێتە ئەوەی کە چۆن خۆت بیر دەکەیتەوە و لێکدانەوە بۆ ناوەڕۆکە میدیاییەکان دەکەیت.

دوایین جار کەی بوو کە بە دیار ناوەڕۆکێکی میدیاییەوە زۆر هەستت جووڵا؟ ئایا ئەو پەیام و ناوەڕۆکانەی کە دەیانخوێنیتەوە جیهانی بیرکردنەوەی خۆت و بەهاکانت بەهێز دەکات؟

## ووتە: ئەوە بەرپرسیارێتیی من نیە کە لە باوەڕپێکراویی ناوەڕۆکی میدیای بکۆڵمەوە.

## ڕاست نیە

هەر کەسێك بەرپرسیارە لەوەی کە لە باوەڕپێکراویی ناوەڕۆکی میدیایی بکۆڵێتەوە: بەهەمان شێوە ئامادەکاری ناوەڕۆکەکە و وەرگرەکەی و ئەوەی کە بڵاوی دەکاتەوە. تۆ دەتوانیت بە دەوری خۆت ڕێگری بکەیت لە بڵاوبوونەوەی هەواڵی درۆ یان زانیاریی هەڵە بەوەی کە بە وردی لە ڕاستیەکانی ناوەڕۆکەکەی بکۆڵیتەوە. زانیاریی هەڵە بۆی هەیە ببێتە هۆی دروستبوونی بارودۆخی مەترسیدار، بۆ نموونە لەو پرسانەدا کە پەیوەندییان بە تەندروستیەوە هەیە. لایەنە باوەڕپێکراوەکان زانیارییە کۆنبووەکان یان ئەوانەی کە دەرکەوتووە ناڕاستن چاك دەکەنەوە.

**دوایین جار کەی بوو کە لە چەندین سەرچاوەی جیاوازەوە پشکنینت بۆ ڕاستیی زانیاریەکان کرد؟**

## وتە:

## ئەو کەسەی کە هەواڵی درۆ دروست دەکات کەسێکە کە بە ئەنقەست زانیاریی درۆ بڵاو دەکاتەوە و دەیەوێت کاریگەری بخاتە سەر بیرکردنەوەت.

## ڕاستە

ئەو لایەنانەی کە ناوەڕۆکی درۆ بڵاو دەکەنەوە دەیانەوێت دید و بۆچوونەکان و ئامانجەکانی خۆیان سەربخەن. بە هەواڵی درۆ هەوڵ دەدرێت کاریگەری بخرێتە سەر ڕا و بۆچوون و هەڵوێست و بیرکردنەوەی خەڵکی. لەوانەیە یەکلینەکردنەوەی زانیاری یان شێواندنی ببێتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان خەڵکی. هەواڵە درۆکان دەکرێت - زۆر جاریش هەر وایە کە - ئامراز بن بۆ بەکارهێنانی دەسەڵات.

بۆچی هەواڵی درۆ یان زازانیاری هەڵە بڵاو دەکرێتەوە؟ کێ سوود لەوە دەبینێت؟

## ووتە:
## دەکرێت میدیای باوەڕپێکراویش درێژە بدات بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆ.

## ڕاستە

هەندێك جار دەکرێت وا ڕوودەدات. دەکرێت زانیایی هەڵە بە نەزانیش بڵاو بکرێتەوە، بەڵام لەو کاتەدا زانیارییەکە ڕاست دەکرێتەوە. بڵاوکردنەوەی باوەڕپێکراو و بەپرسیار هەڵەکان ڕاست دەکاتەوە و هەمیشە هەتا بکرێت لە زووترین کاتدا هەواڵەکان نوێ دەکاتەوە. هەروەها بڵاوکردنەوەی هەواڵی تایبەت بە تەندروستیش بە خێرایی نوێ دەکرێتەوە بۆ گونجانی لەگەڵ نوێترین زانیاری. بەڵام ئەو لایەنانەی کە هەواڵی درۆ بڵاو دەکەنەوە چاکسازی لە بابەتەکانی خۆیاندا ناکەن.

ئایا لە میدیادا تێبینی ڕاستکردنەوەت کردووە؟

ووتە:
# شتێکی مەحاڵە کە پشکنین بۆ ڕاستیی ناوەڕۆکی میدیایی بکرێت.

## ڕاست نیە

پشکنینی ئەوەی کە ناوەڕۆکی میدیایی لەگەڵ ڕاستیدا گونجاوە یان نا بە گشتی شتێکی مەحاڵ نیە: هەواڵ و زانیاریی باوەڕپێکراو دەتوانرێت سەرچاوەکانیان بدۆزرێتەوە و بەراورد بکرێن. شتەکە هەموو کاتێك ئاسان نیە، بەڵکو پشکنین و لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆك لەوانەیە کاتی بوێت. هەروەها فێری ئەوەش ببە کە ئەو سەرچاوە (زانیاریە) باوەڕپێکراوانە بناسیتەوە کە زانیاریی نوێ و ڕاستیان لێ دەست دەکەوێت.

بیر لەوە بکەرەوە کە ئایا لە بابەتەکەدا شتێك هەیە
کە پەیوەندیی بە بابەتەکەوە هەبێت و لێی دەرکرابێت؟
کێ ئەو ناوەڕۆکەی بەرهەم هێناوە و لەبەر چی؟